# درەوشانەوەی زێر گەنجینەکانی مەدیا



## شێرکۆ جیهانی

### پێشەکیەکی کورت لە بارەی مێژوو

گێرانەوەی مێژووی دوور، بە تایبەت مێژوویەکی زۆر کۆنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، کارێکی هێندە ئاسان نییە. مێژوو گێرانەوەیە. لە زمانی ئینگلیسی دا " هیستۆری " پێ دەڵێن کە لە وشەی " ستۆری" بە واتای چیرۆک زۆر نزیکە. هاوکات لە زمانی کوردیش دا وشەی " دیرۆک" کە هەمان مێژووە، لە گەڵ " چیرۆک" لە یەک سەرچاوە هاتوون. کەوابوو زۆر گرینگە کە مرۆڤ بزانێ چی دەگێڕێتەوە، چۆن دەیگێڕێتەوە. ئەوەی کە دەیگێڕێتەوە چەندە راستە و بەڵگەکانی بۆ ئەم شتانە کامەن و تا چ ڕادەیەک کارەکەی دەتوانێ زانستی و ئاکادێمیک بێت؟

لە لایەکی دیکە نووسینەوەی مێژوو، هەڵێنجانی ئەو راستیانەیە لە ناخی تاریکی دا. یان باشترە بڵێم خوڵقاندن و ساز کردنەوەی هێندێک دیمەن و بیرۆکە و هزرە لە بارەی مرۆڤەکانی دێرین و هێندێک ڕووداو و کارەسات. سەرنج ڕاکێشە کە لە زمانی کوردی دا وشەی : دیرۆک" لە " تیرۆک" و هەروەها " تاریک" زۆر نزیکە. بە هەمان شێوە لە زمانی عەرەبیش دا بە مێژوو دەڵێن " تاریخ"، کە بە هەڵکەوت لە وشەی " تاریک"ی کوردی نزیکە. بە هەر حاڵ مێژوو ڕاپردوویە و ڕاپردووش تاریکە و زەمان هەرگیز ناگەڕێتەوە تا مرۆڤ بزانێت کە ئەو شتانەی باسیان لێوە دەکات چەندە ڕاستن. مەخابن لە پێچ و پەناکانی ئەو تاریکیەش دا گەلێک جاران مێژوو بە دەستی دەسەڵاتدارانەوە شێوێندراوە و گەلێک ڕووداو بە پێچەوانە نیشان دراون. بە وتەی نیچە ئەوە دەسەڵاتدارانن کە مێژوو بە پێی بەرژەوەندی خۆیان دەنووسنەوە. تەنانەت لە سەردەمی ئەمڕۆکەش دا مێژووی هاودەم خەریکە دەشێوێندرێت، چ بگات بە ڕاپردووی دوور. ئەم دەستە تێوەردانانەش بە تایبەتی لە لایەن دەسەڵاتداران و بە پێی بەرژەوەندی هێزەکانی تایبەت نووسراون. کەس بە دۆی خۆی نەگوتووە ترش و هەر ئەمڕۆکەش چەپەکان مێژوویەک بۆ خۆیان دەنووسنەوە و راستەکانیش مێژوویەک و هەر کام ئەوەی دیکە بە دێوەزمە وەسف دەکات و خۆی بە پێغەمبەر و فریشتە ناو دەبات ! هێزی داگیرکەر، شۆرشی دژبەری خۆی بە یاغی و تێرۆریست ناو دەبات و گەلێک مرۆڤی شۆرشگەریش لە دوای وەدەست گرتنی دەسەڵات، هەڵسوکەوتی خراپتر لە دەسەڵاتی پێشووی خۆیان بەڕێوە بردووە. لێرە دا سیماکان چۆن وەسف دەکرێن؟ ئایا دەکرێ بە چاوی ڕەشی ڕەش و سپی سپی لە کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان بڕوانین. لە ڕاپردووی تاریک چۆن بڕوانین؟ لە راستی دا حەکایەتی " فیل و کوێرەکان"م دێتەوە بیر. ئەو کوێرانەی کە پێیان دەڵێن کە دەست لە فیلێک بدەن و هەستی خۆیان بدرکێنن. یەکێک لە کوێرەکان لاقی دەگرێت و دەڵێت: " فیل ستوونێکی گەورەیە" ! یەکێکی دیکە گوێچکەی دەگرێت و باس لەوە دەکات کە فیل شتێکی نەرم و پانە. یەکی تر خورتۆمەلەی دەگرێت و بە لوولەی دەزانێت و ...هتد. بەڵام فیل هیچ یەک لەو شتانە نەبوو. ئەوە بە سەرهاتی ئێمەیە بۆ مێژوو. بەڵام بەو حاڵەش مرۆڤ دەبێت بۆ دەرخستنی هێندێک راستی لە ناخی ئەو تاریکییە دا، هەوڵی خۆی بدات. چونکە هێندێک راستی ڕوونیش هەن کە یان بە ئانقەست لێڵ کراون، یانیش باسیان کەم لێ کراوە. هێندێک بەڵگە هەن لە راستی دەچن و بە خوێندنەوەیان و لە پەنای یەک دانانی ئەو بەڵگانە، بۆی هەیە کە هێندێک ڕووداو و بابەت، باشت لێمان ڕوون ببنەوە. هاوکات دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت کە زۆر یەک لە ڕووداو و چیرۆکەکانی دیرۆک، ڕێنوێنی ئێمەن بۆ باشتر ساز کردنی کەسایەتی خۆمان و داهاتوومان. ڕاپردوو لە گەڵ ئەوەش دا کە تاریکە، بەڵام هاوکات دەتوانێ ئازموون و چرایەکیش بێت، بۆ دیتنی ڕێگای پێشەڕۆژ و داهاتوومان.



### مێدیاکان کێ بوون؟

مێدیاکان یەکێک لە کۆنترین خەڵکانی دانیشتووی چیاکانی زاگرۆسن. ئەو وڵاتەی کە وەک مێدیا ناسراوە، لە یەکیەتی زۆر قەومی وەک " هوری، میتانی، گوتی، کاسی، ماننایی، زاموایی و ...هتد" پێک هاتووە. جوگرافیای مێدیاکان، لە باشووری دەریای ڕەش تا دەگاتە دەریای مەدیتەرانە و لەوێشەوە تا ئیلام و خۆراسان و باشووری دەریای کاسپیەن و ئازەربایەجانی ئەمڕۆکە بەرفراوان بووە. خەڵکی میدیا بە زمانێکی ئاریایی قسەیان کردووە کە زمانی کوردی وەک پاشماوەی زمانی مێدیاکان دەزاندرێت و گەلێک وشەی هاوشێوە و هاوبەش لە ناو زمانی مێدیاکان و کوردی ئەمڕۆکە دەبیندرێت. خەڵکی مێدیا لە زۆر تایفە و عەشیرە و گرووپی جیاواز پێک هاتوون کە بەشێکیان بە شێوەی کۆچەری و مەڕداڕ ژیاون و بەشێکیشیان گوندنشین بوون و بە کاری کشت و کاڵەوە خەریک

بوون و هاوکات گەلێک دەوڵەت-شاریشیان هەبووە کە ئەو شارانە لە چوارچێوەی قەڵا و دەروازەکان دا پارێزراون. مێدیاکان بە هۆی ئەوەی کە لە شوێنێکی ستراتێژیک، واتا لە قەراغ ڕووبارەکانی وەک دیجلە، فورات، زاپ و سیروان ژیاون، هاوکات بە هۆی کاریگەری جیرانەکانی وەک سوومێرەکان و ئاشووریەکان و گەلانی دیکە، دەورێکی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستنی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و خۆشیان گەلێک پێشکەوتنیان لە بواری کشت و کاڵ و مەڕوماڵات داری و هەروەها ئافراندنی کەرەسەکانی شارستانیەت وەدی هێناوە. مێدیاکان خاوەنی جلوبەرگی تایبەت، خەت و نووسین، مێعماری و هونەر، زانستی ئەستێرەناسی و ڕۆژژمێری و هەروەها پیشەسازی بوون. لە وڵاتی مێدیا بە هۆی کوێستانی بوونی هەرێمەکە، گەلێک ماتریاڵی وەک زێڕ و زیو و ئاسن هەڵێنجراوە و گەلێک شتی وەک تاج و دەوری و قاپ و شەمشیر و خەنجەر و بازنە و شتی دیکەیان لێ ساز کراوە. هاوکات بە هۆی گرینگی دانی مەدیاکان بە ئاژەڵداری، خاوەنی مەڕ و مانگا و ئەسپی چاک بوون و هەموو ئەو دەوڵەمەندیەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە لایەن هێندێک خەڵکی دیکەوە چاوی تەماحیان تێ ببردرێت و هەوڵی وەدەست هێنانی ئەو سەروەتەیان بدرێت. یەکێک لەو خەڵکانەی کە هەموو کاتێک لە هەوڵی بە دیل گرتنی مێدیاکان و داگیرکردنی وڵاتەکەیان دابوون، ئاشوریەکان بوون.

## گرینگی مێدیا لەو سەردەمە دا

گرینگی وڵاتی مێدیا لەو سەردەمە دا بە ڕادەیەک بوو کە ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بە سەر وڵاتی میدیا دا سەردەکەوتن و بە ڕەگەز لە نەتەوەیەکی دیکە بوون، دوای داگیرکردنی بەشێک یان تەواوی وڵاتی مێدیا، خۆیان وەک پادشای مێدیا بە ناو دەکرد. بۆ وێنە لە نووسراوەکانی ئاشووریەکان دا هێندێک پادشا وەک " نەبوکەد نەسەر" وەک پادشای " ئاشوور- مەدیا " ناویان لێ براوە. ئەوە لە کاتێکدا بووە کە ئاشووریەکان تەنیا بە سەر وڵاتی مەدیاکان دا زاڵ نەبوون، بەڵکوو زۆر وڵاتی دیکە و زۆر نەتەوەی دیکەیان بە بن دەستی گرت بوو ( لە وێنەی فارسەکان، جوولەکەکان و گەلێک نەتەوەی تر). ئاماژە کردنێکی لەم شێوەیە گرینگی زاڵ بوون و دەسەڵاتدار بوون بە سەر وڵاتی دەوڵەمەندی مێدیا لە ئاستی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهانی ئەو کاتە نیشان دەدات. ئەو ڕاستیە لە کتێبی تەوراتی جوولەکەکانیش دا دەبینین، بە جۆرێک کە تەنانەت کوروش یان داریوشی فارسیش لەو کتێبە دا وەک "کوروشی مەدیایی" یان " داریوشی مەدیایی" ناویان براوە. ئەوەش نیشانەی ناوبانگ و گرینگی مەدیایەکان بووە لەو سەردەمە دا. ئەگینا داریوش و کوروش فارس بوون و تەنانەت دەسەڵاتی هەخامەنەشی بوو بە هۆی لاواز بوون و لە ناوچوونی دەسەڵاتی مێدیاکان.

## مێدیای بچووک و مێدیای گەورە یان یەک مێدیا...؟

تێئۆریەک کە لە لایەن هێندێک مێژوونووسەوە باسی لی کراوە، دابەش کردنی وڵاتی مێدیا بووە بە دوو بەشی "مێدیای گەورە" و " مێدیای بچووک". بەو پێیە مەدیای بچووک لە " ئاترۆپاتکان" واتا ئازەربایەجانی ئەمڕۆکە و باشووری دەریای " کاسپیەن " پێک دەهات و مەدیای گەورەش چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و بە گشتی لە ژێر دەریای ڕەش تا کەناری دەریای مەدیتەرانە و لەوێشەوە تا خەلیجی باشووری ئێران و ئەیالەتی خوزستانی ئەمڕۆکەی گرتووەتەوە. تا ئێستا ڕوون نییە کە بنەمای ئەو دابەش کردنە چییە و چ جیاوازیەک لە نێوان ئەو دووبەشە دا هەبووە؟ بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە کە مێدیا لە یەکیەتی تایفە و دەوڵەت شارەکانی ئەو جوگرافیا بەرینە پێک هاتووە و ئەم ناوە یەکەمین جار وەک مێدیا لە زمانی خەڵکانێکی وەک ئاشووریەکانەوە بە کار هاتووە، هۆکارێکی تایبەت بۆ دابەش کردنێکی لەم شێوەیە بەر چاو ناکەوێت.

### "ئاترۆپاتکان"، یان " ئاگرۆپاتگان " = وڵاتی ئاگر

ئاترۆپاتان، هەمان ئازەربایەجانی ئەمڕۆییە و بەشێکی گرینگی وڵاتی مەدیاکان بووە. شیمانە دەکرێ کە تایفەی ماگۆکان کە هێرۆدۆت وەک یەکێک لە تایفە گەورەکانی مەدیایی ناویان دەبات، خەڵکی ئەو بەشەی وڵاتی مەدیا بووبن.( وشەی ماژیک یان ماجیک بە واتای جادوگەر و کەسێک کە کاری سێحراوی دەکات، لە ماگۆی مەدیاکانەوە هاتووە.(



درەوشانەوەی ڕیز گەنجینەکانی مەدیا

بەڵام وشەی ئازەربایەجان لە چی وەرگیراوە؟ وشەی ئازەربایەجان کە ئەمڕۆ بەداخەوە لە هزری زۆر کەسان دا وەک وشەیەکی تورکی تەداعی دەکرێت، لە راستی دا وشەیەکی مەدیاییە و لە "ئاتر" کە ئەمڕۆ بە کوردی پێی دەڵێن " ئاگر " یان " ئاور" وە هەروەها " پاتان" یان " پاتکان" بە واتای کۆگا و شوێن پێک هاتووە.( هەڵبەت کوردانی زازاکی ئەمڕۆکەش بە ئاگر دەڵێن ئادر و لە هەورامیش دا شتێکی نزیک لەمە دەگوترێ، کە دیارە ئەم وشانەش لە وشەی ئاتر بە هەمان مانا زۆر نزیکن. هاوکات پاشگری "یان" یان " کان" لە وشەی ئاترۆپاتگان، پاشگرێکی زمانی کوردیە بۆ کۆ کردنەوە).بە گشتی ئاترۆپاتکان ( ئاگرۆپاتگان)، بە واتای شوێن و هەرێمی ئاگرە. ناوی " ئاگرۆپاتگان" تا سەردەمی دەسەهەڵاتداریەتی عەرەبە موسڵمانەکان بە سەر ئەو هەرێمەدا ماوە و دواتر بە هۆی ئەوەی کە عەرەبەکان نەیانتوانیوە " گ" بە زمان بێنن، ئەم وشەیە لەو نێوە دا بۆ " ز" و " ج" گۆڕاوە و هەروەها وشەی " پ" بووەتە " ب" و بە گشتی بووەتە "ئازەر بایجان". عەرەبە موسڵمانەکان کە لە ساڵەکانی 800ی زایین بە دواوە بە بەهانەی موسڵمان کردنی خەڵکان و نەتەوەکانی دیکە هێرشیان کردووە، زۆر گەلیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکوری ئافریقا بە تەواوی کردووەتە عەرەب و لە هێندێک شوێنیش دا کاریگەری زمانی خۆیان لە سەر ناوەکان بە جێ هێشتووە، نموونەی ئەوە شاری "زەنگان"ە کە ئەو کات بەشێک بووە لە وڵاتی کوردان و کراوە بە "زەنجان" و ...هتد) . بە پێی بەڵگەکان، ئەیالەتی ئاگرۆپاتگان تا بەر لە هاتنی تورکەکان و هێرشی مۆغۆلەکان لە سەدەی 1600ی زایینی، هێشتا زۆربەی دانیشتووانی کوردانی ئاگری و ئەرمەنی بوون. ئەو هەرێمە لە سەردەمی هێرشی ئالێکساندەری ماکادۆنیش ناوبانگی هەبووە و تەنانەت ژنانێکی شەڕکەر و بەناوبانگ کە خۆیان وەک " ئامازۆن" ناساندووە، لەو هەرێمە سەریان هەڵداوە. ئەمڕۆکەش گەلێک ئاسەواری سەردەمی مێدیایی لە ئاگرۆپاتکان دۆزراوەتەوە .



## ئاشوریەکان کێ بوون؟

ئاشوریەکان خەڵکانێکی بە ڕەگەز سامی بوون کە لە باشووری سنوورەکانی مێدیا و لە قەراغ ڕووبارەکانی دیجلە و فورات دەژیان. گەلی ئاشوور یەکێک لە بەهێزترین خەڵکانی سەردەمی خۆیان بوون، بە تایبەت لە بواری چەکداری. ئاشووریەکان خاوەنی شارستانیەتێکی گەورە بوون و هێندێک کەس دەڵێن کە پاشماوەی سومێرەکان بوون، چونکە لایان وایە کە سوومێر لە یەکیەتی خەڵکانی ئاکاد، ئاشوور، کەلدان و ...هتد پێک هاتووە. ( هەڵبەت کەسانێکیش هەن کە لە یەکتریان بە جودا دەگرن و پێیان وایە کە شارستانیەتی سومێر بە دەستی ساراگۆنی یەکەم کە ئاکادی بووە کۆتایی پێهاتووە، کەوابوو سوومێر و ئاکاد و ئاشۆر لە گەڵ ئەوەش دا کە خاڵی هاوبەشیان هەبووە و هەموویان سامی بوون و زاراوەی نزیک لە یەکتریان هەبووە، بەڵام لە سیستەم و شێواز و شارستانیەت دا جیاوازیشیان هەبووە! ). پایەتەختی یەکەمی ئاشووریەکان، شاری " ئاشوور" بووە کە لە باشووری شاری " نەینەوا "( موسڵی ئەمڕۆکە) هەڵکەوتبوو، بەڵام دواتر شاری نەینەوایان کردە پایەتەختی خۆیان. ئاشووریەکان لە باری ئەستێرەناسی، شارسازی و مێعماری، ساز کردنی کەرەسەکانی جەنگی وەک تیر و کەمان و شەمشێر و خەنجەر، نووسین و خەت و گەلێک لایەنی دیکە، دەورێکی بەرچاویان هەبووە ( بێگومان ناکرێ کاریگەری شارستانیەتی سومێرەکان لە سەر ئاشووریەکان لەو بوارەوە لە بەر چاو نەگیرێت ) و تەنانەت خودایانی ئاشووری لە بواری ئایینیەوە کاریگەریەکی زۆریان هەبووە لە سەر ئایینەکانی دیکە لە هەرێمەکە دا. هاوکات جەنگاوەرانی ئاشۆری، کەسانێکی بێ ڕەحم و بێ بەزەیی بوون و گەلێک جاران لە بیری داگیرکردنی ولاتانی جیران و بە کۆیلە گرتنی ئەوان دابوون. نموونەی ئەو گەلانەی کە بە دەستی ئاشۆریەکان بە کۆیلەیی گیران، یەهوودیەکان، پارسەکان، مێدیاکان و ئیگێپتی ( میسرییەکان) و بابێلیەکان بوون. دەوڵەمەندی وڵاتی مێدیاکان، یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی هێرشی ئاشۆرەکان بووە بۆ ئەو وڵاتە بەرین و بەرفراوانە.

## شەڕی ئاشۆر و مێدیا:

بێگومان مرۆڤ ناتوانێ بەروارێکی تەواو بۆ دەستپێکی شەڕی ئاشوورەکان و مێدیاکان دیاری بکات. بەڵام ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت ئەوەیە کە ئەم شەڕانە لە ساڵەکانی دەوروبەری ساڵەکانی 720ی بەر لە زایین تا ساڵی 612ی بەر لە زایین کە ئیمپراتۆری ئاشۆر بە دەستی مێدیاکان دەڕووخێت، درێژەی هەبووە.

## ئاشۆریەکان چیان لە مەدیاکان بە تاڵان بردووە؟

لە کەتیبە و نووسراوەکانی ئاشووری دەردەکەوێت کە ئەوان، لە گەنم و ئاردەوە بگرە تا دەگاتە ئەسپ و مەڕ و ماڵات و هەروەها زێڕ و زیو و جام و دەوری بە نرخ، گەلێک شتیان لە مێدیاکان هەستاندووە. ئاشووریەکان هەروەها ئەو کەسانەی کە لە دژی ئەوان شەڕیان کردووە و دواتر بە دیل گیراون، بە شێوەیەکی بێ ڕەحمانە شکەنجەیان کردوون، جەستە و ئەندامەکانی لەشیان پڕیون، کوێریان کردوون، یانیش کوشتوویانن. هەروەها زۆر کەسیان کۆچبەر کردووە و پرۆسەی کۆچی بە زۆرە ملێ و دوورخستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی مەدیاکان ( ئەژدادی کوردان) ، هەر لەو سەردەمەوە دەستی پێ کردووە. لەو شەڕانە دا هێندێک فەرماندەی بەناوبانگی ئاشووری لە وێنەی " ساراگۆنی دوویەم"، " شەلمەنسەر" ، " سەنخەریب" و " ئاسەرحەدوون" دەوریان هەبووە.

## باشترین خزمەتی گەورەترین دوژمن

لە گەڵ ئەوەش دا کە ئاشووریەکان یەکێک لە گەورەترین کۆلۆنیالیست و دوژمنانی مەدیاکان بوون، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک لە پادشاکانی ئاشووری، لە چەندین کەتیبە و نووسراوەی بەردین دا، بەسەرهاتی داگیرکاریەکانی خۆیان لە وڵاتی مەدیا نووسیوەتەوە و شەرحی شار و قەڵاکان و شارستاانیەتی مەدیاکانیان داوە، ئەمڕۆکە ئەمانە بوون بە یەکێک لە باشترین سەرچاوەکان بۆ زانیاری وەرگرتن لە سەر ڕەوشی مەدیاکان، بە تایبەت لە بواری ئاستی دەوڵەمەندی و شێواز و شوێنی ژیانیان.

## ئایا مەدیاکان ئەژدادی کوردان بوون؟

زۆر کەس لایان وایە کە مەدیاکان ئەژدادی کوردان بوون. ئەو بابەتە لە شێوازی نزیکی جلوبەرگ و داب و نەریتەوە بگرە تا دەگایە زمان و شوێنی جوگرافیایی ژیان، ئەو مەزندەیە زیاد دەکات کە مەدیاکان ئەژدادی کوردانی ئەمڕۆیین. وەک نموونە دیاکۆنۆڤ ئاماژە بەوە دەکات کە هێندێک لە مەدیاکان " قاپووت"یان لە بەر کردووە کە شکڵی ئەو قاپووتانە لە بەری چەند گەورەی مەدیایی دەبینین ( نموونەکەی ئەو مرۆڤە مەدیاییەی کە لە سەر چیایەک لە ناوچەی قزقەپانی ئەمڕۆیی بە جێ ماوە کە سەر بە هەرێمی سلێمانیەی باشووری کوردستانە و لە کاتی ڕێز گرتن لە ئاگر، قاپووتی لە بەر دایە). دیارە کە هەتا ئەمڕۆکەش لە ناو کوردان، شوانەکان و خەڵکی گوندەکان قاپووتیان بە کار هێناوە. یان بابەتی وشەی هاوبەش کە دەکرێ وەک نموونە ئاماژە بە ناوی " دیاکۆ " بکرێت کە ناوی یەکەمین ڕێبەری بەناوبانگی مەدیاییە کە تا ئەمڕۆکەش ئەم ناوە لە سەر منداڵی کورد دادەندرێت. هەروەها زۆر ناوی دیکەی لە وێنەی " ئارتین" و " میترا" و ...هتد. لە باری وشەوە دیسان دەکرێ ئاماژە بەو وشانەی خوارەوە بکەین کە ئەمڕۆکەش لە کوردی دا بە کار دێن و بگرە کاریگەریان لە سەر زمانی نەتەوەکانی دیکەش دا هەبووە:

فەرنە، ( فرە) بە واتای زۆر

پارادایدا، کە وشەی پارادایس بە واتای بەهەشت لەمە وەرگیراوە.

سپاکا، بە واتای سەگ ( ئەمڕۆکەش وشەی سپڵەک لە کوردی سۆرانی دا هەمان واتای سەگ دەدات.)

میترا، بە واتای مێرانی و مێهر و خۆشەویستی و گەورەیی کە ناوی خودای ڕۆژ و ڕووناکییە.

خەشایا، کە بە واتای " شا" یە.

بەگ، بە واتای گەورە و میر و خودا و خاوەنە. ئەمڕۆکەش لە زمانی فێئۆدالی کوردی دا بەگ بە کەسێکی خاوەن پلە دەگوترێ.

بەگداد، کە بە واتای کەسێکە کە خوداپێداوە و بەگ وەک باس کرا بە واتای خودا و گەورەیە. تەنانەت ناوی بەغداد لە "بەگداد"وە هاتووە کە ناوێکی کوردییە و ڕیشەی مەدیایی هەیە.

مەزدا، بە واتای گەورەیە و وشەی مەزن کە ئەمڕۆ لە زمانی کوردی دا ماوە، لەم وشەیە سەرچاوەی گرتووە.

وازراکا، بە واتای واز و کراوە. وشەی " بزرگ"ی فارسی بە واتای گەورە لەم وشە مەدییە گیراوە. هەروەها لە زاراوەکانی هەورامی و زازاکیش دا وشەی هاوشێوە دەبیندرێت.

ئاسن، کە ئەمڕۆکەش هەر پێی دەگوترێ " ئاسن."

میۆرە، کە ئەمڕۆکە بە کوردی دەڵێن " مۆرە ".

بە گشتی بە کار هێنانی زۆر وشەی دیکە لە وێنەی " ئەسپ" و " سپی" و گەلێک وشەی تر، کە ئەمڕۆکەش لەکوردی دا بە کار دەچن، شیمانەی ئەوەمان لە لا زیاد دەکات کە مەدیاکان ئەژدادی کوردانن یانیش لانی کەم ئەو زمانەی کە بە کاریان هێناوە، دواتر بۆ کوردان بە جێ ماوە.

بابەتێکی دیکە داب و نەریت و بیروباوەڕەکانی ئەوانە کە هێندێکیان هەتا ئەمڕۆکەش تا ڕادەیەک لە کوردستان ماون. نموونەکەی ڕێز گرتنی مەدیاکان بووە لە ئاو و خاک و ڕۆژ. ئایا کوردان تا ئەم ساڵانەی دواییش سوێندیان بە خاک و ڕۆژ و ئاو و ئاگر و نان نەخواردووە؟ ئەو پیرۆزییە، ڕیشەی لە ئایینە کۆنەکانی هەرێمەکەیە کە زۆریان بۆ سەردەمی مەدیاکان دەگەڕێتەوە .

James Darmesteterکە یەکێکە لە مێژووناسان، باس لەوە دەکات کە تەنانەت زمانی ئاڤێستایی زمانێکی نزیکە لە زمانی مەدیایی و دەبینین کە زۆر وشەی ئاڤێستاییش دیسان لە زمانی کوردی دا هەن

تەنانەت هەڵپەڕینی کوردی و شێوازی جلوبەرگی کوردیش، تا رادەیەک ڕیشەی لە ئایین و جلوبەری مەدیایی دا هەیە.( هەڵبەت گۆڕانکاری زۆر بووە، بەڵام وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بە پشتێندی ژنان و پیاوان و قاپووت و پانتۆڵ و کەوا بکەین). لە بواری مێعماریشەوە مەدیاکان یەکێک لە کۆنترین گەلانن کە ستوون و کۆڵەکەیان بۆ خانووەکانی خۆیان بە کار هێناوە و پاشماوەی ئەمەش لە کۆڵەکە بەردینەکانی " فەقرەقا" ی مەهاباد، "دوکان داود"ی سەرپێلی زەهاو و " ئیسحاق وەند" ی هەرسین لە کرماشان دەبینین. دیاکۆنۆف ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمڕۆکەش لە دێهاتی هەرێمەکە، لە ناو ژووری ماڵەکان و تەویلەکان، کۆڵەکەی داری بە کار دەچێت، کە ئەوە پاشماوەی میراتی خانووسازی مەدیاکانە.

ئەگەر چی بابەتی جوگرافیای ژیانی نەتەوەیەکی ئەمڕۆیین ناتوانێ بەو واتایە بێت کە حەتمەن ئەو نەتەوەیە خاوەنی دێرینی ئەو خاکەیە، وەک نموونە تورکەکان خاوەنی راستەقینەی ئاگرۆپاتگان یان ئازەربایەجانی ئەمڕۆیی نەبوون و بۆ وێنە ناکرێ ئاسەواری 400ی دوای زایین بەوانەوە گرێ بدەین، چوونکە تورک لە 1600ی زایین بە دواوە هاتوونە ئەو هەرێمە و دواتر ژمارەیان زیادی کردووە. یان ناکرێ ئاسەواری فێرعۆنەکانی میسری بە ئاسەواری عەرەبان بزانین، بەڵکوو ئەوە ئاسەوارێکی "ئیگێپتی"یە و دواتر بە هۆی هێرشی ئیسلام میسر بووەتە عەرەب. بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا شیمانە دەکرێ کە کوردان هەزاران ساڵە لە کوردستان دەژین و مەدیاکانیش بە هەموو خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیانەوە، ئەژدادی کوردان بوون.

### ئایینی مەدیاکان

مەدیا وڵاتێکی بەرین و بەرفراوان بووە و گەلێک ئایین لەم وڵاتە دا سەریان هەڵداوە. لەو نێوە دا دەکرێ ئاماژە بە ئایینەکانی وەک " میترائیزم، زەروانیسم، زەردەشتی و ..." چەندین ئایینی دیکە لە وێنەی پەرەستیشی " ڤارۆنا" ( خودای مانگ و شەو و ئەستێرەکان)، "وای" ( خودای با و تۆفان) و هەروەها "ئاناهیتا" ( خوداژنی ئاو) بکەین. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بڵێین کوردان هەموو زەردەشتی یان میترائیست بوون. وڵاتێکی بەرین کە ئەمڕۆکەش گەلێک ئایینی لە وێنەی " یارسان، کاکەیی، ئێزیدی، عەلەوی و موسڵمان"ی تێدایە، بێگومان لە ڕۆژگارانی کۆن دا گەلێک ئایینی جیاوازی دیکەی تێدابووە و بە هۆی کوێستانی بوونی هەرێمەکە و بەرفراوان بوونی، گەلێک بیرۆکەی جیاوازیشی لە خۆی دا پەروەردە کردووە. ( لە ناو مەدیاکان دا ئایینی جیاواز هەبووە. بۆ وێنە ڕەنگە ئەو خودایانەی کە لە ناو "هوری " و "میتانی "یەکان دا هەبوون، لە ناو " ماننا"کان دا نەبوون و ماناناکان خودا و ئایینی دیکە هەبوون). ئێمە تەنانەت زۆر ناو و ئایینی جیاوازمان لە ناو مەدیاکان دا هەبووە کە یان هیچیان لە بارە دا نازانین، یانیش کەمترین زانستمان لە سەریان هەیە. بۆ وێنە کاتێک مرۆڤ سەرنج دەداتە ناو و سیمای چەند خودای مانایی کە لە قەڵای " حەسەنلوو" لە نزیک شاری نەغەدە دۆزراونەتەوە، دەبینین کە سیما و ناوی ئەو خودایانە، لە خودایانی سومێر و ئاشوور و بابێلی دەچن و ڕەنگە ئەو گەلە بەهێزانە کە جیرانی یەکتر بوون لە بواری ئایینیشەوە زۆر شتیان لە یەکتر وەرگرتبێت. دەقی ئەو شکڵ و سیمایانە لە شاری " ئاردینی" دەبینین کە پێک هاتووە لە چەندین قەڵای کۆن لە ناو شاری ڕەبەت و یەکێکە لە ئاسەوارەکانی بەر لە مەدیا و دواى مەدیا. لەو

شارەدا چەند خودای مەدیایی هەن کە شکڵیان لە خوداکانی ئاشوور و بابێل و سومێر دەچێت. بۆ وێنە خودا ژنێک هەیە کە لە سەر خشت ڕەنگ کراوە. جەستەی ئەم خودا ژنە شێرە و سەری مرۆڤە. یان هەمان خودا بە شێوەی پیاوێکی خاوەن ڕدێن دەبینین کە جەستەی شێرە و سەری مرۆڤ. ئەوە وەک ئاسەوارێکی مەدیایی ناسراوە. بەڵام دەقی ئەو شکڵانە بۆ خودایانی ئاشووری تەنانەت لە شارێکی ماننایی وەک " ئیزیرتوو"ی نزیک بۆکان دەبینین کە دوای داگیرکردنی شارەکە لە لایەن ئاشووریەکانەوە لە سەر خشتی هاوشێوە بە ڕەنگ و نیگار کێشراونەتەوە. ئەوە لە لایەک کاریگەری ئایینی و لە لایەکی دیکەش کاریگەری هونەری مەدیا، بابێل و ئاشوورەکان نیشان دەدات. بە کار هێنانی خەتی بزماریش لە لایەن مەدیاکان، ئیلامیەکان، سومێر و ئاشوور و بابێلەکان، خاڵێکی دیکەی هاوبەشی ئەو گەلانەیە .

بەڵام جیاواز لەمانە، ئایین گەلێکی ناسراویش وەک میترائیسم، لە ناو مەدیاکان دا هەبووە. نموونەی ئاسەواری پەرەستیشی میترا، لە شارستانیەتی " کۆماگنە" لە چیای " نەمروود"ی باکوری کوردستان دەبینین. لەو چیایە هێندێک ئاسەواری سێمبۆلیکی ئایینی میترا لە وێنەی شێر و شاهین و هەروەها خودی سیمای میترا، بە شێوەی پەیکەرەی بەردین یان تابلۆی داتاشراو لە بەرد، نیشان دراون و ناوی میتراش بە تەواوی ئاماژەی پێ کراوە. هاوکات لە کتێبی مێژووی هێرۆدۆتی یونانی دا ئاماژە بەوە کراوە کە شوانەکەی "ئاستیاگ"،( ئاستیاگ وەک ئاخرین پادشای مەدیا ناسێندراوە)، ناوی " میتراداتێس" یان " میتراداد" بووە. واتا کەسێک کە میترا پێی داوە و میتراییە. ئەوە ناوەش هاوشیوەی ناوەکانی وەک "خودادا" و "بەگداد" و ناوەکانی دیکەی ڕەسەن و کۆنی مەدیایی و کوردیدوای مەدیایە. هەبوونی ناوێکی وەها لە سەر شوانێکی مەدیایی نیشان دەدات کە ئەو خودایە لە ناو مەدیاکان دا ڕێزێکی تایبەتی لێ گیراوە و لە لایەن خەڵکەوە پەرەستیش کراوە. خوداژنی ئاو واتا " ئاناهیتا" لە کوردستان بەهەمان شێوە ڕێزی لێگیراوە و بگرە ئاسەواری پەرەستشگای ئاناهیتا، ئەمڕۆکەش ( هەڵبەت مەخابن بە وێرانی) هاوڕێ لە گەڵ ستون و کۆڵەکەکانی، لە شاری " کەنگاوەر"ی کرماشان بەجێماوە .

لە لایەکی دیکە ئێمە دەبینین کە ئایینەکانی " زەروان" و "زەردەشت" بناغەیان لە جوگرافیای مەدیایە و تەنانەت وەک ئاماژەشمان کرد وشەی "ماگۆ" کە بە ڕێبەرانی ئایینی زەردەشت گوتراوە، وشەیەکی مەدیاییە. هەروەک ئاماژەش کرا ژمارەیەک مێژوونوس پێیان وایە کە زمانی ئاڤێستای زەردەشت، نزیکترین زمانە لە زمانی مەدیاکان و شوێنی ژیانی " سپیتمان زەردەشت"یش لە لایەن زۆر کەسەوە بۆ باشووری گۆلی ئورمیە گەڕێندراوەتەوە کە بێگومان جوگرافیای ئەمڕۆیینی کوردستانە. بە گشتی ئەو ئایینانەی کە لە سەردەمەکانی دواییش دا پێک هاتوون لە وێنەی ئایینەکانی "مانی" و " مەزدەک" دیسان لە ژێر کاریگەری ئایینەکانی وەک زەروانیسم و زەردەشتی دابوون و بگرە گەلێک ئایینی دیکی کوردیش کە تا ئەمڕۆ لە کوردستان زیندوون لە وێنەی ئایینەکانی "یارسانی، ئێزیدی و عەلەوی"، بە جۆرێک لە جۆران بناغە و سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە سەر ئایینە کۆنەکانی مەدیایی. نموونەی ئەو راستیە ڕێز گرتنی یارسانەکان و ئێزیدیەکانی کوردستانە لە خاک و ئاو و خۆرەتاو.( بۆ وێنە ئەگەر مەدیاکان زۆریان ڕێز لە ئاو گرتووە و خوداژنی ئاناهیتایان پەرەستیوە، ئەوە ئەمڕۆکەش لە ناو پەیڕەوانی ئایینی " ئێزیدی" دەبینین کە زۆر ئێزیدی تەنیا بەو بیرۆکەیەی کە نابێ ئاو خەسار بکرێت یان پیس بکرێت، درەنگ خۆیان دەشۆن و ئەوەش بۆ پیرۆزی ئاو دەکەن. یان ئێزیدی گەلێک جاران کڕنۆش بۆ خۆرەتاو دەبەن.(

ئەو بیرۆکە دێرینە ئایینیانە تەنانەت لە داب و نەریتەکانی وەک " بوکەبارانە"ش دا لە ناو کوردان ڕەنگیان داوەتەوە و کاتێک کە باران نابارێت، منداڵانی گوندەکانی کوردستان بووکێکی کچ ساز دەکەن و بە دارەوەی دەکەن و ڕوو بە ئاسمان ڕایدەگرن و داوای باران دەکەن. ئایا ئەو بووکە سێمبۆلی یەکێک لە خوداژنەکانی وەک "ئاناهیتا" یان خوداژنێکی هاوشێوەی ئەو نییە.

### ڕێز گرتن لە ئاژەڵەکان




وەک باس کرا وڵاتی مەدیا یەک دەست و یەک بیرۆکە نەبووە و داب و نەریت و بیر و ڕامان و ئایینی جۆراوجۆر لە ناو چیاکان و دەوڵەت-شارەکانی مەدیایی دا هەبوون. ئێمە دەبینین کە لە لایەک هێرۆدۆت باس لەوە دەکات مەدیاکان لە کاتی شەڕ لە گەڵ "هیتی"یەکان، بە هۆی ڕۆژ گیران دەست لە شەڕ هەڵدەگرن و دەڵێن کە خودایان لە دژی ئەو شەڕەن! ئەوان گیرانی ڕۆژیان بە توورەیی خودایان گرێداوە و تەنانەت "ئاستیاگ" خوشکی " کرێسوس" پادشای هیتی بە هاوسەری دەگرێت و لە دوای پێنج ساڵ شەڕی خوێناوی لە گەڵ هیتیەکان ( کە لە تورکیەی ئێستاکە دا ژیاون و چۆمی ئێستاکەی " قیزڕیل ئیرماک " هەڵکەوتوو لە نزیک شاری " ئانکارا"ی ئەمڕۆیین، سنووری نێوان دوو وڵاتی

مەدیا و هیتی بووە) کۆتایی بەو شەڕە دەهێنن و پەیمانی برایەتی دەبەستن. هێرۆدۆت دەڵێت کە هەر لەو شوێنە مەدیاکان بە ئیفتیخاری خودایان، بە هەزاران ئەسپ قووربانی دەکەن. بێگومان مرۆڤەکانی کۆن، زۆرتر ئەو شتەیان قووربانی خودایانی خۆیان کردووە کە پێیان وابووە باشترین شتیانە و ئەسپی مەدیاییش کە هەمیشە چاوی تەماحی ئاشووریەکانیش بە دوایەوە بووە، بۆ ئەوان پیرۆز بووە.تەنانەت ئێمە دەبینین کە زۆر ناوی مەدی و دوای مەدیش، وشەی ئەسپیان لە گەڵە. وەک " گۆشتاسپ" . ئەمەش نیشانەی خۆشەویستی ئەو ئاژەڵە بووە لە ناو مەدیاکان دا .

ناوی "گا" ش لە سەر هێندێک کەسایەتی مەدیایی وەک " گێئۆماتا" دەبینین کە هێندێک کەس وشەی " گێئۆ" وەک " گا" دەخوێننەوە. دیارە دەبێ ئاژەڵێکی وەکوو گاش یان بزن بە هۆی گرینگ بوون و کاریگەریان لە سەر ژیانی مرۆڤی مەدیایی ڕێزیان لێ گیرابێت و لە هونەری مەدیایی دا شکڵی ئاسک و بزنەکێوی و گا، گەلێک جار بە نیگار و نەقش دەرهاتووە. ( پیرۆزی گا ئەمڕۆکە لە وڵاتێکی وەک هیندوستان هێشتا بە شێوەی مێتۆلۆژیکی خۆی ماوە و تا ئاستی پەرەستین هاتووە)

یەکێکی دیکە لە ئاژەڵەکان کە مەدیاکان زۆریان ڕێز لێگرتووە و خۆشیان ویستووە، سەگ بووە. مرۆڤی مەدیایی بە شانازیەوە ناوی سەگی لە سەر منداڵی خۆی داناوە و" سپاکا" بە واتای سەگ، یەکێک لە ناوەکانی مەدیاییە. سەرنج ڕاکێشە کە ئەمڕۆکەش لە ناو کوردانی ئێزیدی دا بە هەمان شێوە سەگ پیرۆزە و کەسێکی وەک " ئەولیا چەڵەبی" تورک کە چەند سەد ساڵ لەمەو پێش هاتووەتە کوردستان لە کتێبی سەفەرنامەکەی خۆی دا باس لەوە دەکات کە کوردانی ئێزیدی وەکو مرۆڤ لە سەگیان ڕوانیوە و تەنانەت لە گەڵی دا خەوتوون و کاتێکیش کە سەگیان مردووە بە ڕێزەوە ناشتوویانە و وەک مرۆڤ شینیان بۆ گێراوە ( بە تایبەت ئەو کارەیان بۆ سەگی ڕەش و سەگی سپی کردووە). هاوکات دەبینین کە هەتا ئەمڕۆکەش لە شارێکی وەک " دهۆک" زۆر کەس ناوی ڕۆڵەکەیان دەنێن " سەگڤان" کە بە واتای پارێزەری سەگە و بەعیدیش نییە کە ناوی چیای " سپیان" هەر لەمەوە هاتبێ.

شێر، شاهین و چەند ئاژەڵی دیکەش، بە هۆی ئایینەکانی میترایی و هەروەها بە هۆی بە هێز بوونیان، گەلێک جاران وەکوو سێمبۆل لە لایەن مەدیاکانەوە بە کار هاتوون کە نموونەی ئەمانە شێری بەردینی شاری هەمەدان و هەروەها جامی زێرینی هەمەدانە کە شێرێکی تێدا نەخشێندراوە..

لە لایەکی دیکە هەر وڵاتی مێدیا دا کەسانێکیش هەبوون کە پێیان وابووە نابێ ئازار بە هیچ گیاندارێک بگات و تا ساڵەکانی بەر لە هاتنی ئیسلام، کەسانێک لە وێنەی پەیڕەوانی ئایینی " زەروان" یان " مانی" و " مەزدەک" هەبوون کە گۆشتی هیچ گیاندارێکیان نەخواردووە و ڕێزیان لە هەموو گیانلەبەرێک گرتووە .

**گۆڕی مەدیاکان**

مەدیاکان بە هۆی ئەوەی کە ئایینی جیاوازیان هەبووە و لە قەومگەلی جۆراوجۆر پێک هاتوون، چەندین شێوازیشیان هەبووە بۆ ناشتنی مرۆڤەکان. هێندێک مێژوونووس باس لەوە دەکەن کە مەدیاکان مرۆڤەکانی خۆیان لە ناو بەرد ناشتووە. دیارە کە ناشتنی مردوو لە ناو بەرد ( نە خاک و گڵ) بۆ ئەوە بووە کە جەستەی مرۆڤەکە خاک پیس نەکات و ئەمەش بۆ پیرۆزی خاک دەگەڕێتەوە. مەدیاکان هێندێک لە گەورەکانی خۆیان لە گۆڕی تایبەتی ناو چیاکان دا ناشتووە کە وەک ئاماژە کرا نموونەی ئەو گۆڕە بەردینانە لە "فەقرەقا" نزیک مەهاباد و " دوکان داود"ی نزیک سەرپێڵی زەهاو و " ئیسحاق وەند"ی نزیک هەرسینی کرماشان دەبیندرێت. ئەو گۆڕانە لە ناخی چیا و لە شوێنێکی بەرز هەڵکەندراون. ( هەڵبەت شیمانە دەکرێ کە ئەو کەسانەی لەو شوێنە بەرزانە نێژراون، بە مەبەستی پاراستنی جەستەیان لە شێواندن و هێرشی دژبەران، بەو شێوە نێژراون و شیمانەی ئەوەش هەیە کە مۆمیایی کرابن، بەڵام تا ئێستا هیچ تەرمێکیان وەدەست نەهاتووە تا ئەمە بسەلمێندرێت. هەڵبەت ئەوەشمان دەبێ لە بەر چاو بێت کە هێرۆدۆت ئاماژەی بە مۆمیایی کردنی مەدیاکان دەکات.(

جۆرێکی دیکەی ناشتنی تەرمەکان، لە لایەن هێندێک تایفەی مەدیایی لە ناو خاک دابووە و گۆڕیان بۆ هەڵکەندوون.

بەڵام جۆرێکی دیکەش هەبووە کە بە تایبەت لە ناو مانناییەکان دا دەبیندرێت، ئەویش ناشتنی مردووەکانە لە ناو کووپە دا. ئەوە زۆرتر وەک شێوازێکی ناشتنی میترایی ناسراوە. مرۆڤی میترائیستی وڵاتی مەدیا، بۆ ڕێز گرتن لە خاک و بۆ ئەوەی کە خاک پیس نەبێت، تەرمی مردووەکەی لە ناو کووپەیەک دا جێ داوە و بە شێوەی دانیشتوو و ڕوو لە ئاسمان ناشتوویەتی. ئەو جۆرە گۆڕانەش لە جوگرافیای مەدیا، واتا لە باشووری دەریای کاسپیەن کە

دەوڵەت-شاری مەدیایی " مارلیک" ی لێ دۆزراوەتەوە تا دەگاتە دەریای مەدیەتەرانە دەبیندرێت. بەداخەوە لە ساڵانی ڕابردوو دا زۆر یەک لەو کووپانە بە تایبەت لە هەرێمی موکریان و لە هێندێک شوێنی وەک گۆڕستانی جوولەکانی شاری مەهاباد، مەزرای گوندی لەج و هەروەها مەزراکانی نزیک گوندەکانی قادرئاوای بۆکان و خانەقای مەهاباد، لە لایەن خەڵکەوە شکێندران و زۆر کەس بەو کووپە گۆڕانەیان دەگوت " گۆڕی جوولەکان" یان " کووپەی گاوران" و بە تەماحی وەدەست هێنانی زێڕ و بە ئەفسانەی ئەوەی کە گۆیا گاورەکان یان جوولەکەکانی کوردستان زێڕ و زێوی خۆیان لە گەڵ مردووەکانیان دا ناشتووە، ئەو کووپانەیان دەشکاندن.



## خەت و نووسین

مەدیاکان خەت و نووسینیان هەبووە. تەنانەت لە گێرانەوەکانی هێرۆدۆت دا دەبینین کە " دیاکۆ" وەک یەکەمین پادشای بە ناوبانگی مەدیاکان، دوای ئەوەی کە بوو بە پادشا، فەرمانی دابوو کە خەڵک سکاڵا و داخوازەکانی خۆیان بە شێوەی نووسراوە بۆ ئەو بنێرن. ئەوەش نیشان دەدات کە لە وڵاتی مەدیا دا نووسین زۆر بە کار هاتووە، ئەگینا فەرمانێکی وەها چۆن دەردەکرێت؟ گومان لەوە دا نییە کە  بە کارهێنانی خەت و نووسین، ( نووسین یەکەم جار لە لایەن ئۆرارتۆیەکان بووە ) بووەتە هۆی باشتر ئاگادار بوونی خەڵک لە زانست و نزیکتر بوون لە هونەریش. لە وڵاتی مەدیا دا خەتی " هیرۆگلیف" و هەروەها خەتی " بزمار"ی بە کار هاتووە. هەروەها ئاسەواری خەتی ئارامیش لە وڵاتی مەدیاکان دەبینین کە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە هاتووە و نموونەی ئەو خەتەش لە کەتیبەیەکی شاری مانناییی" ئیزیرتوو" ( هەڵکەوتوو لە نزیک شاری بۆکانی ئەمڕۆکە ) دەبیندرێت. بەڵام زۆرترین خەتەکان، بزماری و هیرۆگلیف بوون. دیارە ڕۆڵی سەرەکی نووسین لە وڵاتی مەدیا دا " ئۆرارتۆیی"یەکان هەیانبووە، هاوکات "ئیلامی"یەکانیش ( کە هێندێک کەس بە ئارییایان نازانن و لانی کەم ناوی ژمارەیەک لە پادشاکانیان و زمانی فەرمی نووسینیان سامی بووە) ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پەرە پێدانی خەت و نووسینی بزماری لە وڵاتی مەدیا دا. دیارە دواتریش لە سەردەمی ساسانییەکان خەتی ئاڤێستایی بە کار هاتووە.

## هونەری مەدیایی

باس کردن لە هونەری مەدیایی کارێکی ئاسان نییە. ئەو هونەرە لە قەڵاکان و ستوونەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەو جام و زێڕ و زێوانەی کە بە نەقش و نیگار دەرهاتوون لە خۆ دەگرێت و گەلێک ئاسەواری بە نرخ لەو بوارەوە دەبیندرێت. کاتێک مرۆڤ سەیری ئەو قەڵایانە دەکات کە ئاشوورییەکان وەک قەڵاکانی مەدیایی نەقشیان کردوون، سەری لە هونەری مێعماری مەدیاکان لەو سەردەمە دا سوور دەمێنێت. بۆ وێنە نما و سیمای قەڵاکانی وەک " خار خار" کە دەوڵەت شارێکی ئێجگار گەورە و قاییم بووە و گەلێک بورجی هەبوون، نیشان دەدات کە مەدیاکان دەستێکی باڵایان هەبووە لە ساز کردنی قەڵا و خانوو. یەکێکی دیکە لەو قەڵا گەورە ئەفسانەییانەی وڵاتی مەدیا لە لایەن هێرۆدۆتەوە باسی لێ کراوە، ئەویش قەڵاکانی شاری " ئامێدانا" یە کە پایەتەختی وڵاتی مەدیاکان بووە و بە فەرمانی دیاکۆی مەدیایی، حەوت بورجی ئێجگار گەورە کە هەر کامەیان ڕەنگێکی هەبووە بۆ ئەم قەڵایە ساز کراوە. ( دیارە بەشێکی زۆر لەو قەڵایانەی کە هێرۆدۆت یان ئاشوورییەکان باسیان لێ کردوون یان کێشاویاننەوە، تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە، بەڵام هێندێک قەڵاش دیتراونەوە و بێگومان ئیدیعاکانی هێرۆدۆت و ئاشوورییەکانیش بێ بنەما نین.)

بە کار هێنانی ڕەنگ، نیگارکێشی و داتاشینی ڕووخسار و شتی سێمبۆلیک لە سەر خشت و بەرد و ئاسن و زێڕ و زێو. ساز کردنی خەنجەر و کەرەسەی جەنگی و هەروەها کەرەسەکانی کشت و کاڵ و ڕازاندنەوەیان بە شکڵی ئاژەڵەکان و سرووشت ( نموونەکەی بزمارێکە بە شکڵی شێر کە لە تەپپەی حەسەنلووی نەغەدە دۆزراوەتەوە یان جامی زێڕین کە لە هەمان شوێن دۆزراوەتەوە و گەلێک نەقش و نیگار و ئاسەواری دیکەی مەدیاکان لە " زێویە"ی سەقز و گەلێک ناوچە و هەرێمی دیکەی وڵاتی مەدیا. مەدیاکان نیگارکێش و پیشەسازی زۆر بە توانایان هەبووە کە ڕووخساری ژمارەیەک لە گەورەکانی خۆیان و شتە سێمبۆلیکەکانیان لە ئاسن و زێڕ و زێو و شتی دیکە بە جوانی دەرهێناوە و ئەو ئاسەوارانەی کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە ( و مەخابن بەشێکی زۆریان بە تاڵان براون و لە مووزەخانەی وڵاتانی دیکە دان و لە یەک بڵاون) ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن. هەر بەو هۆیەشەوە مەدیا هەمیشە مەیدای شەڕی داگیکەران بووە و ئاساییە کە نیشتیمانی خەڵکێکی خاوەن شارستانیەت و زەنگین، هەموو کاتێک لە گەڵ مەترسی هێرش و تاڵان ڕووبەڕوو بێتەوە...

**قسەی کۆتایی:**

بێگومان ئەوەی کە تا ئێستا لە سەر مەدیاکان باسمان کردووە، تەنیا سەرتیتری گەلێک مژاری قووڵ و بەرفراوانە لە بارەی مەدیاکان کە پێویستە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی زۆرتریان لە سەربکرێت و دیارە باشترین سەرچاوەش بۆ زانینی ئەو راستیانە کتێبی " مێژوو"ی هێرۆدت" و " مێژووی مەدیا"ی " دیاکۆنۆف"ە. هاوکات دەبێ سەرنج بدەینە ئەو ئاسەوارانەی کە لە وڵاتی مەدیاکان دۆزراوەتەوە و لە مووزەخانەکانی ئێران و وڵاتانی ڕۆژاوایی دەبیندرێن. ئەگەر چی بەداخەوە زۆریان نە وەک مێژووی ئەژدادی کوردان، بەڵکوو لە سەر ناوی ئێران و وڵاتی فارس!!! ناسێندراون.